کرێکارانی جیهان یەکگرن !

ئۆرگانی کومیتەی کوردستانی ڕێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست

Aug , 23th , 2003 | شەممە ۱۳۸۲/٦/۱ | ژمارە ۲۰ | دەورەی تازە





# خاوەران

## یادگاری هەزاران ئەستێرەی بە خوێن خەوتو

### نەفرەت بۆ ئینسان کوژانی شەو پەرەست !

لە گەلاوێژ و خەرمانانی ساڵی ۱۳٦۷ی هەتاوی ( ۱۹۸۸ی زائینی پاش تەواو بوونی شەڕی ناعادلانە و دژی خەڵکی دەوڵەتانی ئێران و عیراق و هەڵکێشانی جامی زەهر لە لایەن خومەینی جنایتکار و قبووڵ کردنی ڕێککەوتننامەی ئاگر بەس ، ڕێژیمی هەراسانی کۆماری ئیسلامی لە ترسی پەرەساندنی خەباتی خەڵکی و نارەزایەتی گشتی کۆمەڵانی خەڵك کە لە مەودای هەشت ساڵ شەڕی خائینانە لە گەڵ دەوڵەتی عێراق توانی بوو بە بیانووی دیفاع لە دین و خاك و وڵات سەرکوتی بکات و هەر چەشنە دەنگی نارەزایی بە تومەتی خزمەتکاری بە بێگانە و کافرەکان سەرکوت بکات ، ئەم جارەیان و بە دوای ئاگر بەس لە گەڵ دەوڵەتی عێراق بوونی هەزاران زیندانی سیاسی لە هەل و مەرجی پەرەسەندنی خەباتی نارەزایەتی گشتی کە ساڵیانی ساڵ بە بیانووی جۆر بە جۆر سەرکوت کرا بوو ، بە زیان و زەرەری خۆی دەزانی و بۆ ئاو چاو گرتن لە خەڵك و خەلاس بوون لە گرفتی هەزاران زیندانی سیاسی کە دوای ئازادیان لە زیندان هیزێکی بە کردەوەی بەرچاویان دژی ڕێژیم و بۆ رووخاندنی لە ڕەوتی خەباتی پەرە ئەستێنەری گشتی خەڵك پێك دەهێنا ، دەستی دایە قەتڵ و عامی وەحشیانە و بێ ←

## بزووتنەوەی سەرانسەری کۆمەڵانی خەڵك و چەند راستیەك

بزووتنەوەی نارەزایی خەڵکی کە ماوەێکە بە شێوەێکی بەربڵاو و لە ئاستی سەرانسەری دەستی پێ کردووە بێ گۆمان جووڵانەوەێکی خۆد جوشە و سەرچاوەکەی دەگەرێتەوە بۆ بێ بەشی و سەرکوتی خواست و داخوازی رەوای ئەم کۆمەڵانە لە لایەن دەسەلاتی سەرکوتگەر لە مەودای ۲۵ ساڵ دەسەلاتی سەرکوت

پاشماوە لە لاپەرەی ۸

چەکوچە خوێنی من لە دەستی کرێکار
داسە خوێنی من لە دەستی جووتیار



**لیستەی شەهیدانی ڕێکخراو و ئەدەبیاتی شۆرشگێرانە** لاپەرەی ٦




## ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆ گرتن بە شێوەی کۆمۆنیستی

( بەشی شەشم )

لاپەرەی ٤ ، ۳

## ووشەی سیاسی

لاپەرەی ۱۰

**کار ، خانوو ، ئازادی = کۆماری فیدراتیوی شووراییی !**

له پانزەهەمین ساڵی قەتڵ و عامی هەزاران ئینسانی ئازادیخواز له بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی بیری پیرۆزی تۆڵه سەندنەوەی شۆڕشگێرانه له ئینسان کوژانی شەو پەرست له وجودی خۆمان به هێزتر کەینەوه .

# بگـذار بذر (( تیر )) چون جنگلی بروید در آفتاب خون




## گۆڕی به کۆمەڵی شەهیدانی ساڵی ٦٧ـ خـــــــــــــــــاوەران









### خاوەران یادگاری هەزاران ئەستێرەی . . .

بەزەئیانەی هەزاران زیندانی سیاسی له سەرانسەری ئێران و به تایبەت له مەرکەزی ئێران . ڕێژیم له ترسی خرۆشی جەماوەری و دەربڕینی نارەزایی به نیسبەت ئەم وەحشیگەریه له لایەن خەڵکی نارازی هەموو زیندانیانی سیاسی له سەرتانسەری ئێران له مانگی گەلاوێژ و به دەس پێ کردنی اوپراسیونی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵك له نێزیك شاری کرماشان کۆ کردەوه و بەرەو زیندانەکانی تاران و شارەکانی مەرکەزی ئێران گواستەوه . له گەلاوێژ و خەرمانانی ساڵی ١٣٦٧ به دوای دەستووری خومەینی جنایتکار و خوێن مژ ، ئینسان کوژانی کۆماری ئیسلامی هەزاران ئەستێرەی دیل کراو له بەندیخانەکانی سەدەی ناوەراستی شەو پەرستانیان دایه بەر ڕەگباری گولله و له سەدان گوری به کۆمەڵ وەك گوری خاوەران له نێزیك تاران ناشتیان . بەو خێاڵه که تا ماوێکی دیکه بتوانن خزمەتکاری قازانج و بەرژەوەندی موفته خوران و ولاتانی ئیمپریالیستی پشتیوانی ئەوان بن و بۆ ئەم مەبەسته هەزاران ئینسانی خەباتگێر که پاکترین ڕۆڵەکانی گەڵ بوون به کۆمەڵ بکوژی و ولاتانی لایەنگری مافی مرۆڤیش چاویان به سەر ئەم وەحشیگەریه ببەستن و خۆیان لێ کەر و گیل بکەن ، گوایه که هیچ شتێك ڕووی نەداوه . ئەو لایەنگرانەی مافی مرۆڤه که له بەرانبەر کوشتارەکانی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی ( ١٩٨١ی زائینی ) دەنگیان دەر نەدەهات و بێ شەرمانه خۆیان لێ گیل کردە بوون بۆ جارێکی تر و له ساڵی ١٣٦٧ی هەتاویش به تەمای تالان کردنی سەرمایەکانی میللی خەڵکی گرفتاری ئێران چراغی سەوزی کوشتار و وەحشیگەری دژی خەڵکی ئێران نیشانی ڕێژیمی خوێن مژی کۆماری ئیسلامی دان . و شەو پەرستانی حاکیم به سەر ولاتی ئێران له مەودای تەنیا مانگێك نێزیك به ٣٠٠٠٠ زیندانی سیاسیان که زۆربەیان زیندانی سیاسی موجاهید و فیدایی خەڵك بوون له زیندانەکان به شێوەکانی زۆر درندانه ئیعدام و کوشتار کرد .

# ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆگرتن بە شێوەی کۆمۆنیستی

## ۲- شێوەی ڕەخنەگرتنی کۆمۆنیستی لە بوارەکانی تەشکیلاتی !

باسی پێشوومان بە کورتەیێك لە بۆچوونەکانی لینین بە کۆتایی گەیاندین . ئەم باسەیش بە وتەیێکیتر لە لینین کە دیمەنێکە لە دەورانی بێ حیزبی ڕووسیا ، دەستی پێ دەکەین . دەورانێك کە کاری ڕێکخستن و دامەزراندنی تەشکیلاتی حیزبی پرولیتاریا ئەرکی سەرەکی و ئەساسی سوسیال دیموکراسی ڕووسیا پێك دەهێنا . (( سوسیال دیموکراسی ڕووسیا لە زەمینەی ڕەخنەگرتن لە تیئوریەکانی کۆنی شۆڕشگێڕانە و سوسیالیستی کار و چالاکی زۆری کردووە . کارێك کە ئێستا بۆ سوسیال دیموکراسی ڕووسیا ماوەتەوە ئەوەیە کە هەنگاوی دوایی زۆر دژوارتر و لە هەمان حاڵدا زۆر گرینگە و دەبێ هەڵێ گرێت . یانی ڕێکخراوی هاوئاهەنگ لە گەڵ ئەم هەل و مەرجەی کە ئێمە تێداین ، بۆ ئەم بزووتنەوەیە دامەزرێنێ . ))

ئەو شتەی کە لانی زۆری یەکگرتوویی ، جێگیری و سەقامگیری ڕێکخراوی سیاسی چینی کرێکار تەزمین دەکات . ڕێکخراوی شۆڕشگێڕانی تەواو کات واتە ئەو تەشکیلاتە ڕێبەرایەتییە کە ڕێکخستنی پرولیتاریا پتەو دەکات و خەباتی چینی کرێکار بۆ گەیشتن بە سەرکەوتنی یەکجاری ڕێنوینی دەکات . لینین سوورە لە سەر ئەوەی کە : (( پرولیتاریا بۆ بە دەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی چەکێکی جگە لە ڕێکخستن نییە . ))

ئێمە دەبێ ئەمڕۆکە بۆ دامەزراندنی ئاوا ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕ هەنگاو هەڵگرین کە هەر چەشنە پاشماوەیێکی پەیوەندییەکانی کۆڕانەی کۆن فرێ بدات ، خۆی لە هەر جۆرە بێ بەند و باری تەشکیلاتی بپاڵێتەوە و تەنیا ڕێکخراوێکی حیزبی بە تەنیا یەك ئایدولۆژی ، یەك پروگرام و یەك تەشکیلات ، لە تەواوەتیێکی یەك دەست دامەزرێنێ . یەکێك لە ئەسڵیترین مەرجەکانی دامەزراندنی ئاوا سەقامگیرێك جێ بە جێ کردنی حەتمی یاساکان و سەقامگیری ئەو پرەنسیپانەیە کە هەر هێزێکی تەشکیلات ، هەر ئەندامێکی ڕێکخراو ، هەر هاورێکی بەرپرس و هەر بەش یان ئورگانێکی تەشکیلات ، دەبێ بە شێوەیێکی تێ گەیشتووانە بۆ جێ بە جێ کردنی ئەو تێ بکۆشن و بە شێوەیێکی جیددی بە کاری بهێنن . گرینگترین ئەسڵ ئەمەیە کە هەر کەس و هەر بەشێك لە تەشکیلات سەبارەت بە ڕەخنەگرتن تەحەمولێکی زۆری لە خۆیەوە نیشان بدات و بۆ ئاشکرا کردنی بێ بەزەییانەی کەم وکوڕیەکانی کار و چالاکی خۆی زۆر هەوڵ بدات .

هەروا کە پێشتریش گوتمان ، بابەتەکانی ئایدولۆژیك ، پروگرام و بابەتەکانی تەشکیلاتی لە یەکتر جیا ناکرێنەوە . یەکگرتنی ئایدولۆژیك دەگاتە یەکگرتنی ڕێکخراوەیی و یەکگرتنی ڕێکخراوەیی یەکگرتنی ئایدولۆژیك بە هێز دەکات . پروگرام و ڕوانگەکانی ئایدولۆژیکی تەشکیلات گەشە ناکات مەگەر ئەوەی کە یەکگرتنی ڕێکخراوەیی لە ناوخۆی تەشکیلات دامەزرا بێت . بۆ ئەوەی کە بتوانین تیشکێکی ڕووناك بە سەر سیاسەتی ڕەخنەگرانە و شێوەی ڕەخنەگرتن لە ناوخۆی تەشکیلاتی ڕێکخراوی سیاسی پرولیتاریا دا بخەین ، پێش لە هەر شت پێویستە بزانین خەباتی تەشکیلاتی لە کام هێلی داڕێژراو ، چۆن و لە چ ڕێگایێك بەرەو تەواوەتیێکی یەك دەست و تاقانە پەرە دەستێنێ . ئایدولۆژی و پروگرامێکی یەك دەست لە هەر تەشکیلاتێك ، بە کردەوە تەزمین ناکرێت ، مەگەر ئەوەی کە ڕێکخراوێك بۆ بەردەوام بوونی کار و چالاکی دامەزرا بێت . تاکو لە پەیوەندی لە گەڵ بزووتنەوەی چینی کرێکار ، تەواوەتیێکی یەك دەست و پێکەوە گرێ دراو دامەزرێنێ . ئاوا ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕ دانامەزرێ مەگەر ئەوەی کە پێکهاتی تەشکیلاتی و سیاسەتی ڕێکخستنی ئەو بە ئوسول و یاساکانی مارکسیستی _ لینینیستی پشت بەستوو بێت . شێوەی ڕەخنەگرتنی کۆمۆنیستی بەم ئوسول و یاسانە مادیەت دەبەخشێ و ئەوەی دەکاتە تەواوەتیێکی یەك دەست و ئورگانیك لە پێکهاتنی ڕێکخراوی سیاسی پرولیتاریا . لایەنەکانی ئەساسی و بە کردەوەی ئەم ئوسولە بریتین لە :

سانترالیزمی دیموکراتیك _ دسیپلین و کار و چالاکی بە پێ بەرنامە .

### ئەلف _ سانترالیزمی دیموکراتیك

سانترالیزمی دیموکراتیك شتێك نییە جگە لە پەیوەندیەکانی تێ گەیشتووانە ، متمانە بوونی هاورێیانە و مل کەچ بوون لە بەرانبەر ئوسول و یاساکانی حیزبی ، سانترالیزمی دیموکراتیك دوو بەشی لە یەکتر جیا نەکراو و ئەسلی حەتمی و پێویست لە هەر تەشکیلاتێکی کۆمۆنیستیە کە نابێ لێ لا بدەین . بە بێ دیموکراسی تەشکیلاتی ، سانترالیزم و بە بێ سانترالیزم ، دیموکراسی ڕێکخراوەیی بە تەواوی مانا و ناوەرۆکی خۆی لە دەس دەدا . دیموکراسی لە تەشکیلاتی کۆمۆنیستی بە مانای ئازادی هەڵبژاردن و هاڵبژیران ، ئازادی دەربڕینی بیر و ڕا و ئازادی ڕەخنەگرتن ، هۆی ئەسڵی تەزمین کەرەوەی ئازادی هەڵبژاردن و هەڵبژێرانی کونگرەی ڕێکخراو ، و ئامرازی ئازادی قسە کردن و بۆچوون و باس و ڕخنەگرتن ، کونفرانسەکانی شوێنەکان و ناوچەکانە . قسە و باسەکانی ناوخۆیی شانەکانی تەشکیلاتی ، بە تایبەت لە نێوان شانەکانی سێ یان پێنج کەسی تا ئەو کاتەی کە لە کونفرانسێکی گشتیتر و بەربڵاوتری ڕێکخراوەیی زەمینەی باس کردنی ئامادە نەکرێت ، ناتوانێ گەشەی تیئوری و بیر و بۆچوون و یەکگرتنی فیکری لە ناوخۆی تەشکیلات تەزمین بکات . بە بێ کونفرانسەکانی شوێن و ناوچەکان ، لە باشترین حاڵدا ، پەیوەندی فیکری تەنیا لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە و ڕۆڵی ئەندامانی خوارەوەی ڕێکخراوی سیاسی زۆر لاواز دەبێ . چونکە ئەندامان ، بە بێ مێژینەی چالاکی تیئوریك و ئەزموونی درێژ ماوە و باسەکانی گشتی ، بە دەگمەن دەتوانن بگەنە بۆچوونەکانی فیکری و تیئوری تا و تەواو . بە بێ بەستنی ئاوا کونفرانسانەی ، بۆچوونەکان لە سنووری شەوقەکانی فیکری ، و ڕەخنە گرتنەکان لە سنووری شانەکان تێپەر نابێ و لەوانەیە دەنگێك لە ڕەخنەگرتن لە ئورگانەکانی بەرپرس و ڕێبەرایەتی تەشکیلات نەبێت و یان هیچ کات کاریگەر نەبێت . لە بەر ئەم شتەیە کە لە هەل و مەرجی خەفەخانی پۆلیسی و سەرکوتی ئاشکرا کە ئیمکانی پێك هێنانی ئاوا کونفرانسانەی زۆر دژوار و یان بە تەواوی نا مومکینە ، ئەم ئەرکە دەکەوێتە ئەستووی هەمان کونگرە . زەمانەتی جێ بە جێ کردنی ئەویش ، پەیوەندیەکانی هاورێیانە و متمانەی دوو لایەنەیە کە ←

پەیوەندیەکانی هاوڕێانە و ساق لە نێوان ئەندامانی حیزبی و ئۆرگانەکانی ڕێبەرایەتی ، لە نێوان بەرپرسان و ئەندامانی حیزبی پێك دێنێ . ئەم متمانە دوو لایەنەیە خۆی لە لایێکەوە ، بەرهەمی ڕاستی و دروستی شێوە و شێواز و پرۆگرامی تەشکیلات و لە لایێکی دیکەوە ئاکامی هەڵسوکەوتی ئوسولی و زۆر بەرپرسانەی ئۆرگانەکانی ڕێبەرایەتی لە گەڵ ڕەخنەگرتنەکانی هێزەکانی ناوخۆیی تەشکیلاتە . ئەم متمانەیە بەرهەمی تێ گەیشتن و توانایی ئۆرگانەکانی بەرپرس و سەرنجی قووڵ و جیددی ئەوان بە ڕاپورتەکانی تەشکیلاتی و ڕوانگەکانی ڕەخنەگرانەی هاوڕێانی شانەکانە . ئۆرگانەکانی ئەسڵی و بەرپرسی ڕێکخراو دەبێ خۆیانیش هەر چەشنە کردەوەی خۆیان بە هەڵسەنگاندنی بەردەوام و ناو بردن و ئاشکرا کردنی ئەوانەی کە ڕەخنەیان لە سەرە بۆ شانەکانی خوارەوەی تەشکیلات وەك ڕاپورت بنێرن ، و لە هەموو ئەندامان و شانەکانی حیزبی داوا بکەن تاکو بۆچوونی خۆیان بە نیسبەت ئەو ڕابگەیێنن و بۆچوونی ڕەخنەگەرانەی خۆیان بە شێوەیێکی ئاشکرا و ڕوون ڕابگەیێنن . ئەم متمانەیە بەرهەمی کردەوەی ورد و دەقیقە ، بەڵێن بە ڕێککەوتنەکانی تەشکیلاتی و دروستی ڕێبەرایەتی تیئوری و پراتیکی تەشکیلاتە . ئەم متمانەیە لە گۆتەیێکی کۆرت دا دیموکراسی تەشکیلاتیە . ئەمەی کە پێمان وا بێت ڕێکخراوی سیاسی پرولیتاریا هەمیشە و هەموو کات لە بۆچوونەکانی یەك دەست و وەك یەك لە هەموو ئاستەکانی تیئوری و پراتیکی بەهرەمەندە ، فیکریەتێکی میکانیستی و بە تەواوی زەینیە . لێرە دا پرسیار ئەمەیە کە چۆن دەتوانین لە تەنیا یەك تەواوەتی قسە بکەین ؟! چۆن دەتوانین سەرەرای بوونی هەندێك ناکۆکی لە کردەوەی خەباتگێرانە ، گەیشتە یەکگرتنی تا و تەواو ؟! حیزبی پرولیتاریا بە تێ گەیشتنی ئەم ڕاستیە کە پەرەساندنی ڕا و یەکگرتنی فیکر و کردەوە ، لە پرۆسەی درێژخایەنی خەباتی ئایدولۆژیك _ سیاسی بە ئەنجام دەگات و بە قبووڵ کردنی ئەم ئەسڵە دا کە یەکێتی و یەکگرتنی فیکری لە یەك یان چەند زەمینە دا ، هیچ کات و هەرگیز بە مانای دامەزراندنی یەکگرتن لە هەموو تیئوری و پراتیکی نیە ، تەنیا لە ڕێگای جێ بە جێ کردنی ئەم دیموکراسیەیە کە دەتوانێ و دەبێ تەواوەتێکی تاقانە لە هەموو و لە هەر هەل و مەرجێك ، بە شێوەیێکی حەتمی فەراهەم بکات . ئەمە بە چ مانایکە ؟ ئەمە بەم مانایە کە ڕێکخراوی سیاسی پرولیتاریا دەبێ بەو ڕادەیە لە گەشە کردنی تەشکیلاتی بگات و ئاوا یاساکان و ئوسولێك لە خۆیدا پەرەردە و بە هێز بکات کە تەنانەت لە کاتی سەرهەڵدانی ناکۆکیەکانی ئەساسیش بتوانێ یەکگرتنی تەواوی کردەوەیی و سیاسی خۆی بپارێزێ . ئەمە بە مانای بە دوا دا ڕۆیشتنی تەواوی کەمنیە لە زۆرینەیە . ڕێکخراوی سیاسی پرولیتاریا لە درێژەی ژیانی خەباتگێرانەی خۆی ، جیا لەوەی کە کەمینە کێیە و زۆرینە چ کەسێکە ، دەبێ و حەتمی دەبێ سیاسەتێکی یەك دەست کە لە ڕاستی دا هەمان ئیرادە و بۆچوونی یەك دەستی زۆرینەی هێزەکانی ئەوە ، بکاتە شێوازی تاقانە و تەواوەتی جووڵانەوەی خەباتگێرانەی خۆی . ئەم کارە سەر ناگرێ ، مەگەر ئەمەی کە زۆرینە هەمیشە و لە هەموو حاڵێکدا پابەن بێت بە ئەسڵی دیموکراسی و ڕێگای خەباتی ئایدولۆژیك _ سیاسی بۆ کەمینە و هێزەکانی نەیاری هەلویستەکان ، خۆش بکات . هەبوون و دامەزراندنی ئەم دیموکراسیەیە کە تەواو کەرەوەی دیموکراسی ، واتە سانترالیزم لە ناوخۆی تەشکیلات دادەمەزرێنێ و پتەوی دەکات ، و کەمینەیش بە دوای زۆرینە و قبووڵ کردنی سیاسەتی گشتی تەشکیلات و ئۆرگانەکانی ڕێبەرایەتی ئەو مەجبوور دەبن . ڕێکخراوی سیاسی چینی کرێکار ، ئامرازی ڕێبەرایەتی گوردانی مەزنی پرولیتاریایە . بە بێ پێك هێنان و دامەزراندنی فەرماندەئێکی یەك دەست و دیسیپلینی شۆڕشگێرانە ، ئیمکانی سەرکەوتنی چینی کرێکار هیچ کات مسۆگەر نابێ . ئەسلی حەتمی دیسیپلین لە هەر تەشکیلاتێکی کۆمۆنیستی دەتوانین لە چوار خاڵی خوارەوە کۆرت بکەینەوە :

پەیڕەوی کەس لە کۆمەڵ ، پەیڕەوی ئۆرگانی خوارەوەتر لە ئۆرگانی سەرەوە تر ، پەیڕەوی کەمینە لە زۆرینە و پەیڕەوی تەواوەتی ڕێکخراو لە ناوەندی ڕێکخراو .

چ لە شانەیێکی سوور، چ لە بەشێکی تەشکیلات و چ لە بەرزترین ئۆرگانەکانی ڕێبەرایەتی تەشکیلات ، هەر هاوڕێك تەنانەت بە بۆچوونی بە پێچەوانە ، حەتمی و حەتمی دەبێ ئیرادەی زۆرینەی تەشکێلات ، واتە ئیرادەی کونگرەی ڕێکخراو کە لە ناوەندی ڕێکخراوی سیاسی پرولیتاریا کۆکراوەتەوە ، جێ بە جێ بکات . هەر هاوڕێکی کۆمۆنیست دەبێ لە ئاوا تەحموولی شۆڕشگێرانە و دیسیپلینی حیزبی بەهرەمەند بێت کە لە گەڵ دژایەتی زۆرینەی تەشکیلات لە گەڵ ڕا و بۆچوونی ئەو ، سەرەرای خەباتی چالاکانەی سیاسی _ ئایدولۆژیك ، خۆی بە قبووڵ کردن و جێ بە جێ کردنی حەتمی ڕێنوینیەکانی بە کردەوە و تەشکیلاتی مەجبوور بزانێ . دەبێ بە جێگای بۆڵە بۆڵ و ورینەکانی کات کۆژ و کۆر بەستنی رووخێنەری تەشکیلات ، کە تەنیا هێز و توانای کار و چالاکی لە ڕێکخراوی حیزبی دەستێنێ و یان هێزەکانی تەشکیلات تووشی بێ کردەوەیی و پاسیفیزم دەکات ، بە ڕەخنەگرتنی بێ بەزەئیانە لە ئەو شتەی کە بە ڕای ئەو نادروستە ، خەریکی خەباتی سیاسی _ ئایدولۆژیك بێت و بیر و بۆچوونی خۆی سەبارەت بە بابەتەکانی تەشکیلاتی و ڕوانگەکانی سیاسی _ ئایدولۆژیکی حاکیم بە سەری دا لە بەر دەستی هەموو تەشکیلات دابنەی و دڵنیا بێت ئەگەر بۆچوونی ئەو دروست بێت ، دەنگی زۆرینەی تەشکیلات بەرەو لای بۆچوونەکانی خۆی ڕادەکیشێ . هاوڕێك کە بە دەنگی زۆرینەی تەشکیلات بڕوای نەبێت ، هاوڕێك کە هۆکاری تێ گەیشتن لە ڕەوتی جووڵانەوەی بە کردەوەی پرولیتاریا کەم بایەخ بزانێ ، دەبێ بلین کە لە ڕاستیدا بڕوای بە خۆی و بە بۆچوونەکانی خۆی نیە . ئەم بێ بڕوائیە زۆرتر لە هەموو شت زەربە و زەرەر لە سانترالیزم دەدات و هێز و توانای ڕێکخراوی چینی کرێکار لاواز دەکات . هەروا کە دیموکراسی لە هەل ومەرجی نهێنی خەبات لە پابەن بوون بە ئوسول و یاساکانی ڕێکخراوەیی و متمانەی هاوڕێانە مانا پەیدا دەکات ، سانترالیزمیش لە هەر تەشکیلاتێکی کۆمۆنیستی ، بەرهەمی تێ گەیشتووانە و لە بەر چاوگرتنی چوارچێوەی ناسراو و قبووڵ کراوی ڕێکخراوەئیە . سانترالیزم بەرهەمی دیموکراسی و تێ گەیشتنە . سانترالیزم پێویستی ڕێکخستن و ئاکامی ڕێکخستنی

پاشماوە لە لاپەڕەی ٧




# یادی هاوڕێ سەمەد لە بیری هەموو نەسڵەکان هەتا ، هەتایە زیندووە !

شانزەی خەرمانانی ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی ، سەمەد بەهرەنگی ماموستای مەزنی نەسڵەکان لە گەڵ شەپۆڵەکانی ئاراس گەیشتە دەریا و گیانی لە دەست دا ، بەڵام ناوی سەمەد وەك رەمزی خۆشەویستی لە ناو دڵی ملیونەها خەڵکی ستەم لێکراوی کۆمەڵگا تاکو ئێستا جێگای خۆی کردوتەوە . بەرهەمەکانی سەمەد ناسێنەری دەرد و رەنج و هەزاران مەینەتی کۆمەڵگای نابەرابەرە کە ژیان لەم کۆمەڵگایەدا لە سەر ئەساسی چەوساندنەوە و کار و کار و دیسان کار دەگەرێ و سەمەدیش بە هەست کردنی ئەم چەوساندنەوە و ستەمە بە گۆشت و پێست و ئێسکی خۆی دا رێگای خەبات و دژایەتی کاریگەر لە گەل ئەم دەرد و رەنجە بە باشی و بە زمانێکی سادە نیشانی خەڵك و کۆمەڵگا سازانی داهاتوو ، واتە منداڵان و تازە لاوان دەدات . ناو و پەروەردەکانی مەزنی سەمەد لە چوارچێوە و سنووری ئازەربایجان و ئێران بەبربەست نەکرا . ئێستا ناوی سەمەد لە هەر شوێنیك کە هەژاری و بێ بەشی بێت وەك ماموستای خەبات دژی بێ عەداڵەتی کۆمەڵایەتی دەنگ ئەداتەوە . ژیانی سەمەد بە شێوەێکی کۆرت هەر مرۆڤێك وە بیری ئەم ووتەیەی سەمەد سەبارەت بە ژیان و مردنی ئەو دەخات : (( هەر ئەمەیە کە ژیان و یان مردنی من چ کاریگەرێکی هەبێ لە سەر ژیانی کەسانیتر . ))

و یان هاوڕێ شەهیدی فیدایی ئەمیر پەرویز پویان سەبارەت بە ژیانی سەمەد دەڵێ :

ئێستا رێگای ئەو (( بەرەو کام لوتکەی نەناسراو دایە ، لە کام شوێنە ؟ ))

(( ساڵەهای ساڵ

خەریکی کاری خۆی بوو .

ئێمە چ قسەمان دەکرد .

ئەویش چ چیروك  کە دەنووسی . ))

**یادی بەرێز و رێگای پڕ لە رێبوار**

★

چەکوچە خوێنی من لە دەستی کرێکار ★ داسە خوێنی من لە دەستی جووتیار



## بەرێز بێت یادی فیدائیانی شەهید لە مانگی خەرمانان

ئەبوبەکر ئارمان
ئارامش
ئەمیر ئاریەن
هومایون ئازادی
ئەنوش ئیبراهیمی
هیمەت ئەحمەدی
ناسر ئەشکینە
ئەنوەر ئەعزەمی
تەهمورس ئەکبەری
بەهروز ئەکرەمی
شەهرام ئەکرەمی
سیامەك ئەڵماسیان
عەبدوڵ رەزا ئیرەوانی
مەجید ئەیوانی
ئەشرەف بەهکیش
عەلی بەهکیش
کەماڵ بەهمەنی
ئەحمەد رەزا بەیگ _
محەمەدی هەزاوە
محەمەد پەرویزی
عەلی رەزا پەناهی
ئەسەدوڵلا پە نجە_
شاهی
مەهدی پەهڵەوان
یەعقووب تەقدیری
مەنسوور تەوەسوڵی
تەوەکوڵی
ئەسغەر جەزایری
بیژەن جەنەتی
جەعفەر جەهانگیری
محەمەد چشم برا
محەمەد رەزا حاجی _
خانی

عەلی حوسێن زادە
پەرویز حوسێنی
حوسێن حوسێنی
عەبدوڵلا حوسێنی
مەحموود حەواشیان
پەرویز خسرەوی
غولام خۆش نام
پەرویز داوەری
عەلی رەزا دەوڵەتی
شەهریار رازی
رەجەب پوور
موحسێن رەجەب زادە
محەمەد رەحیم زادە
مەجید رەحیم زادە
عەزیز محەمەد رەحیمی
فەریدە رۆحانی
بەهمەن رەهبەر
بەهنام رەهبەر
سەعید رەهبەری
هوشی ریاحی
سەولەت ریاحی
فەرامەرز زەمان زادە
سارەمی
حەبیبوڵلا ساڵیانی
محەمەد سپاسی
ئیرەج سپهری
محەمەد رەزا ستوودە
جەهانبەخش سەر خۆش
حەسەن سەعادەتی
عەباس سولتانزادە _
ئەهەری
ئیرەج سولێمانی
ناسر سەلیمی

ئەبولقاسیم سەید باقری
مستەفا شادمانی
عەلی رەزا شا بابایی _
کوتنایی
رەحمەت شەریفی
شەهسوار شەفیعی
شەهر بانو شەکەری
ئەحمەد سادقی
حەسەن سالیحی
ئەمیر هوشەنگ سەفائیان
حەمید تاهیری
عەبدوڵ هاشیم عادڵ
نەبیوڵلا عەباسی
مەسعوود عیرفان
عەلی ئاغا عەلیان
مەسعوود عەلی باختەری
بەهزاد عومرانی
کەتایون غەزنەوی
عەبدوڵ رەزا غەفووری
جەلاڵ فەتاحی
رەحمەت فە تحی
ناسر فتوەتی
مەریەم فەرشاد فەر
محەمەد تەقی فرومەند
محەمەد رەزا فەریدی
محەمەد رەزا فەریدی
مەحموود قازی پوور
ئەبولفەزڵ قزلْ ئیاق
قولی پوور
جەواد کارشی
جەعفەر کازمی
نوسرەتوڵلا کەریمی
مەهرداد گران پایە

حەمدوڵلا لورکی
حەمید رەزا مالیکی
خسرەو موبارەکی
محەمەد مەجیدی
ماشائەلا محەمەد _
حوسێنی
کەیوان مستەفەوی
مستەفا شەمسولدینی
قاسیم مەعرووفی
حەمید رەزا موفرەد _
تاهیری
کیومەرس مەنسووری
موسەوی
عەلی میر شکاری
شەهریار ناهید
ئەحسەن ناهید
حەمید نەسیر موقەدەم
جەهانگیر نوری
نادرە نوری
مەجید وەلی
جەمیل یەخچاڵی
رەشید یەزدان پەنا
هاشیم بابا عەلی_
رەحیمی
سەعید پایان
عەزمولْسادات روحی_
ئاهەنگەران
عەزیز سالیمی
ئیرەج سپەهری
عەباس کابوڵی
سەفەر لەنگرودی
بەهزاد شەهلایی
مورتەزا خودا مورادی

(( تقدیم به شهدای رفقای فدایی خلق ایران ))

سیاوش کسرایی


## فـــدایی

مادر ! گریان مشو بر آنکه سر افراز می رود
اشک عبث مریز بر آنکه آتیه پرداز می‌رود
بر باد رفتنش را می‌داند ،
هر گل که چتر می‌زند و می‌کند بهار
آری درین شکفتن و در خون نشستن است ،
ای همسفر !
که قصه‌ی عشق است پایدار
این است راز بلبل و آن است نقش گل
این است آنچه هست بر جا ،
در این سراچه‌ی سوزان ، به یادگار

اینان تبارشان از رنج بوده است
از کار بوده است

همواره هر چه را که ز گیتی ستانده‌اند
در عرصه‌ی نبرد و به پیکار بوده است

مادر ! بر آنکه پای در راه است دل مسوز !
در شعله‌اش مبین
آخر نه او سمندر آتش نهاد ماست ؟
خوش می رود سبکدل و آزاد چون نسیم
او پیک پیشتاز و گل گردباد ماست



**پاشماوەی ڕەخنە و ڕەخنە گرتن لە خۆ . . .**

چینێکە کە بۆ سەرکەوتن بە سەر بورژوازی و ئۆرگانی سەرکوتگەری ئەو ، جگە لە یەکگرتن و هێزی ڕێکخستن ، ناتوانێ خەباتی خۆی بە سەرکەوتوویی بە ئەنجام بگەیێنێ . هەر چەشنە کردەوەیێکی دژی سانترالیستی ، لە کۆتاییدا شتێك جگە لە درێژ خایەن تر کردنی کویلایەتی و چەوسانەوەی چینی کرێکار بە ئامانجی خۆی دانانەی . لە بەرانبەر ئەم بۆچوونانە دژی سانترالیستیە ، تێ گەیشتنێکی بە لارێ چووانەیتریش لە سانترالیزم هەیە . بۆچوونێك کە سانترالیزم وەك پەیوەندیەکانی بوروکراتیك و تێ نەگشیتووانە دەزانێ . بۆچوونێك کە پێ وایە ، بە بێ ناوەرۆکی کۆمۆنیستی و تێگەیشتنی چینایەتی ، دەتوانن یەك ریزی و یەکگرتنی پرولیتاریا بپارێزین و بە جێ بە جێ کردنی تەنیا و تەنیا ئۆتۆریتەی تەشکیلاتی و بە کار هێنانی ئامرازی ڕێکخراوەیی ، بە خۆ هەڵکیشان و بە دوای پلە و پایە دا ڕۆیشتن دەتوانن دیسیپلینی تەشکیلاتی و سەقامگیری سیاسی ئەو بپارێزن . ئەم بۆچوونە کە زۆرتر لە ئاکامی لاوازی سیاسی _ ئایدولۆژیك و یان بە لارێ چوونەکانی ناپرولیتری بەرپرسانی بەشەکانی جۆر بە جۆری تەشکیلات ئیمکانی سەرهەڵدانی هەیە ، تەحمووڵی هەر چەشنە ڕەخنەگرتن لە خۆ لە دەس دەدات . بۆچوونەکانی نەیاری خۆی بێ بایەخ و کەم بایەخ دەکات و لە بەرانبەردا هێز و توانای فێر بوون لە دەس دەدات . ئەم بۆچوونە بە کردەوە زەمینەکانی گەشەی فیکری خۆی بە تەواوی لە دەس دەدات و لە درێژەی ئەم شێوە بوروکراتیکانە دا ، نەك تەنیا ناتوانێ دیسیپلینی تەشکیلاتی و پرەنسیپەکانی ئەوە بپارێزی ، بەڵکو مەجبوورە هەر چەشنە بۆچوونی نەیاری خۆی سەرکوت بکات . ئەم ڕوانگە بە لارێ چووانە بوروکراتیکە ، کە نموونەی زۆر ئاشکرای ئەوە لە ڕەوتی زاڵ و موسەیتەر بوونی شێوازی ڕاست و دژی چەپی ئەکسەریەتیەکانی ( زۆرینەکانی ) خائین بە سەر ڕێبەرایەتی ڕێکخراو بینیمان . هەر ڕەخنەی تەشکیلاتی وەك بە لارێ چوونی ئایدولۆژیك _ سیاسی دەناسێنێ و هەر ڕەخنەیێکی سیاسی _ ئایدولۆژیك بە مۆری دژی تەشکیلات بوون بایکوت دەکات ! ئۆتۆریتە بەرهەمی پۆتانسیەلی و توانائیە . ئۆتۆریتە ئاکامی هێز و توانایی ، و بوروکراسیش ، بەرهەم و ئاکامی لاوازی ڕێبەریە ! تا ئەو کاتەی کە پروگرام و شێوازی پرولیتێری لە تەشکیلاتی کۆمۆنیستی بە شێوەیکی تەواو جێ گیر نەکرا بێت ، بە تایبەت لە دەورانی نهێنی خەبات دا ، سەرهەڵدانی ئەم بە لارێ چووانە ، ڕێکخراوی سیاسی چینی کرێکار لە گەڵ مەترسی جیددی و هەڵوەشاندنەوە ، ڕوو بە ڕوو دەکات . ئاکامی ئەم جۆرە پەروەردە کردنە ، پێك هێنانی ئەخلاقیاتی کۆرانە ، گۆرینی هەستی شۆرشگێرانە بە ناهومێدی و جێگیر کردنی ترس و قایل بوون و مەرایی بە جێگای بڕندەگی و نەترسی و خۆراگریە . لە کۆتایی دا ، متمانە و متمانەی هاوڕێانە لە هەر بەشێکی تەشکیلات کە ئاوا پەیوەندیانەی لەوێدا حاکیم بێت ، لە ناو دەچێ و هەمووی تەشکیلات لە ناو خۆوە دادەرزێ ! ڕێکخراوی سیاسی چینی کرێکار دەبێ لە گەڵ ئەم بۆچوونە لە سەرەتائیترین شێوەی سەرهەڵدانی ئەو زۆر بە سەختی و توندی خەبات بکات . باشترین ڕێگای چارە سەر ، لینین لە پێوانەکانی وەرگرتنی ئەندام لە حیزبی چینی کرێکار بە کار دەهێنا . سەرنجی لینین بە تێ گەیشتنی پێویست لە ئەندامانی حیزب وەك مەرجی قبووڵ کردنی ئەندامەتی ئەوان ، گرینگی ئەم شتەی بە ئاشکرایی نیشان دەدات . ئێمە لە ووتەکانی پێشووماندا لە پێویستی تێگەیشتنی کادێر و ئەندامانی ڕێکخراو لە بنیاتەکانی تیئوریك ، شێوە و شێواز و پروگرام قسەمان کرد ، بەڵام بابەتێکی دیکە کە حەتمی دەبێ لە بەر چاوی بگرین ، تێ گەیشتنی بە لارێ چووانە لە ئازادی ڕەخنەگرتن و دیموکراسی حیزبیە . خاڵی بەرانبەری سانترالیزمی بوروکراتیك ، مەیل بە دیموکراسی تەواو و ئازادی ڕەخنەگرتنە . لە حاڵێکدا لە ڕێکخراوی سیاسی چینی کرێکار نە دیموکراسی تەواو و نە ئازادی ڕخنەگرتن ، بە بێ چوارچێوەی دیاریکراو بوونی نییە . ئەم چوارچێوە هێلەکانی ئەساسی و بنیاتی ئایدولۆژیکی ڕێکخراوە . بۆ نموونە ، ئەمرۆکە لە تەشکیلاتی پرولیتاریایی نە بۆچوونەکانی بە لارێی توودەیی _ ئەکسەریەتی و نە سێ جیهانی و یان سوسیال ئیمپریالیزم ، نە

پاشماوە لە لاپەرەی ٩

**پاشماوەی ووشەی سیاسی _ ( سەرخان و ژێرخان )**

ڕێك بخەن . ئەگەر هەر کۆمەڵگایێکی نۆی کە لەوێدا چەوسانەوە دامەزرا لە سەرخانی کۆمەڵگای پێش لە خۆی ، ئەو بیر و بۆچوونانەی وەرگرتووە کە چەوسانەوە ڕەوا دەزانێ و پشتیوانی دامەزراوەکانی سیاسی و حقووقی چەوسێنەرانە . لە سەرخانی هەر کۆمەڵگایێك هندێك فاکتور هەیە کە گۆرانکاری بە سەریان دا نایەیێت و بۆ هەموو مرۆڤایەتی پڕ بایەخ و بەرێزە وەك یاسا و مەعیارەکانی ئەخلاقی مرۆڤایەتی و باشترین دەسکەوتەکانی ئەدەبی و هونەری . بەم شێوەیە سەرخانی هەر کۆمەڵگایێکی دیاریکراو پێکهاتێکی سەیر و پر لە پێچە کە هەم بیر و بۆچوونەکان و بنیاتەکانی لە کۆمەڵگای کۆن وەبەر دەگرێ و هەم بیر و بۆچوون و دامەزراوەکانی کە لە سەر ئەساسی ژێرخانی ئابووری نۆی پێك هاتوون . سەربەخۆیی ڕێژەیی سەرخان لەم شتەدا خۆی نیشان دەدات کە سەرخان ڕۆڵی چالاکی هەیە لە پەرەسەندنی بناغەیێك کە ئەوی خوڵقاندووە . بیر و بۆچوون و دامەزراوەکانی موسەیتەری حاکیم لە کۆمەڵگایێك کە بە چینەکانی دژ بە یەك دابەش کراوە یارمەتی ئەداتە پاراستن و سەقامگیری ژێرخانی ئەم کۆمەڵگایە . ئەم بیر و بۆچوون و دامەزراوانە بۆ خەباتی چینی دەسەڵاتدار لە گەڵ چینەکانیتری ئاوا کۆمەڵگایێك بە تایبەتی لە گەڵ چینەکانی زەحمەتکێش بۆ ڕێکخستنی ئەم خەباتەیە . ئەم بیر و بۆچوون و دامەزراوانە خەباتی زەحمەتکێشان بۆ ڕزگار بوون لە چەوساندنەوە و ستەم سەرکوت دەکەن . بۆ نموونە سەرمایەداری هاوچەرخ دەورانی ژیانی خۆی تێ پەر کردووە بەڵام هێشتا ماوەتەوە ، ماوەتەوە لە بەر ئەوەی کە یەکەم : دەوڵەتی بورژوایی حقووقی بورژوایی و هەموو ئامرازەکانی ڕخنە کردنی ئایدولۆژی بورژوایی کە ڕۆڵی ئەوان لە دیفاع لە سەرمایەداری زۆر مەزن و بەرچاوە هەموو یان لە پاراستن و پارێزگاری کردن لە قازانج و بەرژەوەندیەکانی بورژوازی بە کار هێنراون .

www.fedayi.org

**پاشماوەی بزووتنەوەی سەرانسەری کۆمەڵانی . . .**

و زیندان و ئەشکنجە و ئیعدام . حکومەتێك کە لە ژێر سێبەری قەتڵ و کوشتار و وەحشیگەری پەرەی ساندووە و حازر نییە ئەم دەرفەتە مێژووئیە کە بە هۆی هەندێك موعاملەی نێو نەتەوەیی بۆی فەراهەم کراوە بە مەبەستی تاڵان و دزی سەرمایەکانی میللی و سەرکوتی بزووتنەوەی مێژوویی عەدالەت خوازانەی خەڵکی وڵاتی ئێمە لە دەست بدات و بۆ ئەم مەبەستە و پاراستنی وەزعی حاکیم دا بینیمان کە چۆن بە هاوکاری بێ دریغی پشتیوانانی نێو نەتەوەیی خۆی کە سفرەی تاڵانی ئێرانیان لە لایەن حاکیمانی فاسید کراوە بینیون ، عەربەدە کیشان و هێزەکانی قەدارە بەندی خۆی ناردە ناو شەقەمەکان و زانکۆ و کۆڵان و ماڵی خەڵك و وەلی فەقیح رێژیمیش بە هاودەنگی بە ڕواڵەت ریفورم خوازان و باڵی خاتەمی بە شێوەیکی وەحشیانە عەربەدەی دژی خەڵك و خوێندکارانی زانکۆکان دەکیشا و هەرەشەی سەرکوتی ٤ ساڵ پێشیان لێ دەکرد . ئەمە سیمای راستەقینەی رێژیمی کۆماری ئیسلامی تێکرای هەر دوو باڵی بەشدار لە دەسەڵات بوو و لە یەکەم ڕۆژەکانی پەرەسەندنی بززوتنەوەی خەڵکی کە لە زانکۆی تاران و بە تەرحی داخوازێکی سینفی دەستی پێ کرد ، چاوەڕوان دەکرا و چاوەروان دەکرێ بە پێ پەرەسەندن و ڕێکخستنی هەر چی زۆرتری جوولانەوەی نارەزایی سەرانسەری ، کردەوەی سەرکوتگەرانە تێکرای شێوەکانی سەیر و پێچ لە پێچ بۆ بە لارێ بردنی جوولانەوەیکی خۆ بە خۆیی کە لە نەبوونی رێبەری و ڕێکخستن دا دەناڵی ، کەڵك وەرگرێ . بۆ ئەم مەبەستەیش بە دوای بەربەست کردنی داخوازیەکان لە ئاستێکی نزمتر و هەروەها بە رێبەری دیاریکراو و دلخوازی خۆیان و لە سنوورێکی جوغرافیایی دیاریکراوە تاکو بە ئاسانی بتوانی کونترۆلی وەزعەکە لە دەستی خۆی دا بێت و لە جوولانەوەی خەڵکی بە مەبەستی ئامرازی گۆشار بۆ ترساندنی بنیاتەکانی ماڵی جیهانی و وڵاتانی خاوەن سەرمایە لە ئێران کەڵك وەرگرێ . رێژیم تا ئەو کاتەی تەحمووڵی ئەم چەشنە نارەزایەتیانەی هەیە کە تەواوەتی دەسەڵات نەخاتە مەترسی رووخان و کونترۆلی وەزعەکە لە دەستی خۆی و ماشینی سەرکوتی دا بێت . بینیمان کە بە خۆپیشاندان لە سنووری زانکۆی تاران و تەنانەت زانکۆکانی تریش و بە داخوازی دیاریکراوی سینفی و بە رێبەرایەتی دیاریکراو رازی بوو ، بەلام بە پەرەسەندنی جوولانەوەی خوێندکارانی زانکۆ و ئیستفادەی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش لەم دەرفەتە بۆ بەیانی دەنگی خەفە کراوی خۆیان لە مەودای چەندین و چەند ساڵ ، رێژیم ماشینی سەرکوتی بۆ جوولانەوەێك بە کار هێنا کە خاوەن رێبەری و ڕێکخستنێکی یەك دەست و دیاری نەبوو و بۆ رێژیمیش کونترۆڵ و لە کۆتایی دا سەرکوتی ئەم چەشنە جوولانەوەیانە سەرەرای راحەتی ئەم کارە چەندین قازانجیشی بۆی هەیە وەك پێك هێنانی کەش و هەوای ترس و تۆقاندن و ناهۆمێدی درێژ خایەن لە ریزەکانی بزووتنەوەی خۆد جوشی خەڵکی ، هەڵسەنگاندنی هاوسەنگی لە نێوان هێزەکانی کۆمەڵگا و دارشتنی پیلانەکانی نوێ ، وەرگرتنی زۆر ئیمتیازاتی ماڵی و ئابووری لە وڵاتانێك کە سەرمایەی خۆیان لە ئێران لە مەترسی بینیون ( وەك بانکی جیهانی و سەندووقی نێو نەتەوەیی دراو ) . لەم نێوانەیش دا ڕۆڵی هەندێك لە ئۆپۆزیسیونی دەرەوەی وڵات تەنیا لایەنگری پڕ و پووچەڵ و بێ کردەوە لە جووڵانەوەی خەڵکیە و بەس . ئەم تاقمە لە ئۆپۆزیسیونە چۆنکە هیچ ڕەولێکیان لە بە رێ خستنی هیچ جووڵانەوەیکی خەڵکی لە مێژووی دامەزراندنیان تاکو ئێستا نەبووە ، ئێستا و لە هەل و مەرجی پەرەسەندنی جووڵانەوەی خۆ بە خۆیی خەڵکی بە جێگای هەڵسەنگاندنی خاڵەکانی بە هێزی و لاوازی ئەم بزووتنەوەیە زۆر گەورەتر لە راستیەکانی نیشانی دەدەن و بەم کارە دا جووڵانەوەی خۆ بە خۆیی لە زەرفیەتەکانی خۆی خاڵی دەکەن و بەم کارەیان سەرەرای خۆ هەڵکیشانیان تاکو ئاستی رێبەرایەتی جووڵانەوە لە پشت شاشەی تەلەفزیونەکانی سەلتەنەت خوازەکان و شا پەرەستەکان لە بارەگای ئەوان بۆ یەکگرتن و پێك هێنانی بەرەیکی ویترینی دەلالکنەوە . ڕۆڵی ئەمان لە کۆژاندنەوەی ئاگری بزووتنەوەی خەڵکی بە رادەی ماشینی سەرکوتی کۆماری ئیسلامیە . بۆ ئەوەی لە لای بیر و بۆچوونی دەرەوەی وڵات و لە هاوسەنگی لە نێوان هێزەکان جێگایك بۆ خۆیان بدۆزنەوە بە گەورە کردنی هەندێك رووداو کە لە ڕەوتی جووڵانەوەی سەرانسەری روو دانیان زۆر سرووشتیە وەك رێپێوانێك و یان خۆپیشاندانێکی کاتی و یان مانگرتنێك و یان دانیشتنێکی ئیعترازی هەرا و هوریا دەخەنە رێ و بەم شێوەیە هەم ئەیانەوێ پرستیژ و ئیعتبار بۆ خۆیان بکرن و هەم ئەگەر توانیان شوێنێك بۆ خۆیان لەم ناوەدا وەك رێبەری جووڵانەوەی نارەزایی بدۆزنەوە . ئەوان بۆ گەیشتن بەم مەبەستە پیسە حازرن لە لایەنگرانی سەلتەنەت و حکومەتی دیکتاتۆری و ئیستبدادی پاشایەتی بپارێنەوە تاکو لە گەڵیان گفت و گۆ بکەن . و لە مەعادڵاتی جیهانی ئیمپریالیستی لە سەر حکومەتی داهاتوو لە ئێران دا بە دوای لایەنگرانی سەلتەنەت جێگایێکی بۆ خۆیان بکەنەوە . هەر ئەمانن کە هەر لە ئێستاوە بە پێچەوانەی زۆر ئیدیعای دوور لە راستیان کە گوایە بروایان بە رووخاندنی حکومەتی کۆماری ئیسلامی لە ئاکامی شۆرشێکی کۆمەڵایەتین ، هەموو هیوایەتیان هێزی نیزامی ئیمپریالیزمە و بەس بۆ رووخاندنی سەرخانی سیاسی لە وڵاتی ئێران دا . ئەوان ناتوانن بە شێوەیکی ئەساسی لە گەڵ شۆرش موافیق بن چۆنکە بیر و بۆچوونیان بە شێوەیکی ئەساسی لە گەڵ شۆرش دژایەتی هەیە . ئەوان ریفورمیان دەیەوێ ، ئێستا ئەم ریفورمە لە لایەن باڵی شکست خواردووی خاتەمی و دووی جۆزەردان بێت یان لە لایەن لایەنگرانی سەلتەنەت و حکومەتی ریسوای پاشایەتی بێت یان لە لایەن هێزی سەربازی ئیمپریالیزم بێت . بۆ ئەوان فەرقێکی نییە . هەر ڕۆژ لە بەر بێ توانایی خۆیان هیوا دەبەسنە هێز و لایەنێکی لە ئەساسدا شکست خواردوو و لە ڕواڵەت دا پڕ هەرا و هوریا کە ساعەتی جاریك لە زورنای خۆی لێ بدات کە گوایە بزووتنەوەی سەرانسەری و خۆ بە خۆیی خەڵکی لە ئێران لە لایەن ئەوان و هەزاران کیلومەتر دوور لە سنوورەکانی ئێران رێبەری دەکرێت ، دروست وەك ئەو ئیدیعایە کە سەرکردەکانی رێژیم سەبارەت بە رێبەری ئەم بزوووتنەوەیە رایان دەگەیاند کە گوایە سەرچاوەی ئەم جووڵانەوەیە نەك هۆکاری ناوخۆیی بەڵکو هۆکاری دەرەوەی وڵاتە . بارودۆخی ئێستا و هەول و تەقەلای دواکەوتوویی وشیاری دوو ئەوەندی دیهەوێ تاکو جارێکی تر نوسخەیێکی‌تر وەك کۆماری ئیسلامی بۆ خەڵك نەپێچن .

## بەرێز بێت یادی لوتکەی شیعر و ئەدەبیاتی ئێران ، شاعیری مەزن ئەحمەد شاملو

سێ ساڵ لە مەرگی شاعیری خۆشەویست و مەزن و ئینساندوست و ئەحمەد شاملو تێ دەپەرێ و ئاسمانی شیعر و ئەدەبیاتی ئێران بە حەسرەتەوە شاهیدی مەرگی ئەستێرەیەکی پرشنگداری دیکە بوو کە بەیت بەیتی شیعرەکانی ئەو هاواری مەسئولیەت و عەهد و پەیمان بە نیسبەت کۆمەڵانی خەڵك بوو . ئەم شاعیرە مەزنە هیچ کات ترسی نەبوو لە بەیانی راستیەکانی کۆمەڵگا و ئەخلاق و عەهد و پێمان بە لایەوە هەمیشە وەك ئەرزش و بایەخی ئینسانی جێگای تایبەتی خۆی هەبوو ، ئەم ئەرزشانە بوون کە ئەوی لە لارێ و خۆ بە زل زانین دوور دەخست و تا ئاخرین ساتەکانی ژیانی خۆی لە لای خەڵك و بۆ خەڵك ئەحساس دەکرد .

**یادی هەتا ، هەتایە بەرز و بەرێز بێت**

### احمد شاملو

عصر پشت و رو ،
که ژنرالها
درسته می‌میرند
بی آنکه
ککی حتی
گزیده باشدشان :
و مردان متنفر از جنگ
با سینه‌های دریده
و پوستی
که به کیسه‌های انباشته از سرب
می‌ماند .
عصری که مردان دانش
اندوه و پلشتی را
با موشك ها
به اعماق خدا می‌فرستند
و نان شبانه فرزندان خود را



از سربازخانه‌ها
گدائی می‌کنند .
و زندان ها انباشته از مغزهائی ست
که اونیفورم ها را وهنی به شمار آورده‌اند .
چرا که رسالت انسان
هرگز این نبوده است
هرگز این نبوده است !
عصر توهین آمیزی که آدمی
مرده‌یی است
با اندك فرصتی از برای جان کندن .
و به شایستگی‌های خویش
از همه افق ها
دورتر است .

### پاشماوەی رەخنە و رەخنە گرتن لە خۆ . . .

دەتوانن خوازیاری ماف ئەم بە لارێ چوونە ئەمرۆکە بە تایبەت لە هێزەکانی زۆر لە رێکخراوەکانی سیاسی ئێستا کە لە شێوازی گشتی خۆیان پاشگەز بوون ، دەبنیدرێت . رێکخراوی سیاسی چینی کرێکار هاوکات لەگەڵ دیفاع و بە کار هێنانی ئوسوڵەکانی دیموکراتیك ، لە زەمینەکانی سیاسی _ ئایدولۆژیك و تەشکیلاتی هیچ کات سنووری ئازادی رەخنەگرتن و دیموکراسی حیزبی تێکەڵ ناکات .

**ب _ دیسیپلین و کار و چالاکی بە بەرنامە .**

رێکخراوی سیاسی چینی کرێکار بە دیسیپلینی پۆڵائینی خۆی زیندووە . دیسیپلینی پۆڵائین لە حیزبی چینی کرێکار هەروا کە لینین تەعکید لە سەر دەکات ، بەرهەمی هەست بزوێنەری بێ وێنەی کادێرەکانی راستگۆ و وەفاداری تەشکیلات و شێوە و شێواز و پروگرامێکە کە راستی و دروستی خۆی بە کردەوە و لە رەوتی خەباتی درێژ خایەنی پرولیتاریا ، بۆ کۆمەڵانی کرێکار سەلماندووە . ئەمە ئوسولێکە کە دیسیپلین لە رێکخراوی سیاسی پرولیتاریا دەکاتە هۆکاری پایەدار و هەمیشەیی . رێکخراوی سیاسی چینی کرێکار بۆ دامەزراندنی دیسیپلینی پۆڵائین و بۆ بە کار هێنانی دروستی پروگرامی خەباتی پرولیتاریا و راست و دروست کردنی ئەو لە رەوتی بەرەو پێش چوونی خۆی دەبێ شێوە و شێوازی دامەزراندن و پێك هێنانی ئاوا دیسیپلینێك لە هێڵەکانی ئاشکرای ئەو دیاری بکات . دامەزراندنی ئەم دیسیپلینە ، واتە کار و چالاکی بە بەرنامە و رەخنەگرتنی بەردەوام و هەمیشەیی لە چالاکی خۆمان . هەر بەشێکی تەشکیلات ، هەر دەستەیەکی حیزبی و هەر شانەیەکی سوور و تەنانەت هەر ئەندامی شانەیەك دەبێ بەرنامەی کۆرت ماوە و درێژ ماوەی شیاوی جێ بە جێ کردن لە هەموو زەمینەکانی چالاکی خۆی دا دارێژێنێ ، و بە شێوەیەکی هەمیشەیی و رێك و پێك جێ بە جێی بکات . ئەم بەرنامەیە بە شێوەیەکی حەتمی بەرنامەیەکە لە چوارچێوەی ئەرك و چالاکیەکانی کە لە لایەن تەشکیلات پێ سپێردرایە . تەنیا هەڵسەنگاندنی وردی ئەم بەرنامەیە و کارکردی ئەوە کە ناوەرۆکی رەخنەی تەشکیلاتی ، شێوەکانی بە کار هێنانی سیاسەت ، شێوەی پێ راگەیاندن و پەرەپێدان ، ئاستی چالاکی ، رادەی دیسیپلین و لە کۆتاییدا هەموو خاڵەکانی بە هێزی و لاوازی جووڵانەوەی هەر دەستە و هەر بەشێکی تەشکیلاتی بە شێوەیەکی تەواو ئاشکرا دەکات . راپورتەکانێك کە هەر دەستەی لەم کۆمەڵە چالاکیە ئامادە دەکات لە گەڵ رەخنەگرتنەکانی سەرەوەتری خۆی ، باشترین و کاریگەرترین ئامرازی گواستنەوەی تەجرووبە و ئەزموون و یەکێك لە هۆکارەکانی یەکگرتن و یەك دەستی هەموو تەشکیلاتە .

(( بەشی هەفتەم لە ژمارەی داهاتوو ))



بە رێز بێت یادی ١٧ی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٧ ( هەینی رەش ) . نیشانی هێز و توانا و ئیرادەی خەڵکی ، ٢٥ەمین ساڵرۆژی حەماسەی خوێناوی و قارەمانانەی خەڵکی لە مەیدانی ژاڵە

# ووشەی سیاسی

## ژێرخان و سەرخان

ئەساسی ئایدولۆژی مارکسیستی لە نێوان کۆمەڵێك لە پەیوەندیەکانی کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگایێك ، پەیوەندیەکانی مادی و بەرهەم هێنەرانە وەك پەیوەندیەکانی ئەساسی و دیاریکەر دەزانێ . بناغە یان ژێرخانی کۆمەڵگا بریتیە لە کۆمەڵێك لەم پەیوەندیە بەرهەم هێنەرانەی کە بینای ئابووری کۆمەڵگا پێك دێنێ . مەبەست لە کۆمەڵێك لە پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنەرانە بریتیە لە جۆرەکانە خاوەن ملکایەتی و پەیوەندیەکانی نێوان مرۆڤەکان کە لەم جۆرە خاوەن ملکایەتیە سەرچاوە دەگرێ و لە کۆتائیدا شێوەکانی دابەشکردنی نەعمەتەکانی مادی . هەر کۆمەڵگایێك خاوەن بناغە یان ژێرخانە . وەزعی ژێرخان وەك کۆمەڵێك لە پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنەرانە پەیوەندیی هەیە بە وەزعی هێزەکانی بەرهەم هێنەر و لە هەر کۆمەڵگایێك رێکە لە گەڵ ڕادەی دیاریکراوی هێزەکانی بەرهەم هێنەری ئەو دەورانە یان قۆناغەدا . بناغە ڕۆڵی مەزنی هەیە لە ژیانی کۆمەڵگا و ئیجازە دەدات تاکو بەرهەم هێنان و دابەشکردنی نەعمەتەکانی مادی رێك بخرێت . مرۆڤەکان بە بێ دامەزراندنی پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنەرانە ناتوانن کاری بەرهەم هێنان ئەنجام بدەن و لە ئاکام دا ئامرازەکانی ژیان دابەش بکەن . گۆرینی قۆناغێکی کۆمەڵایەتی بە قۆناغێکیتر بە مانای گۆرینی بناغەیە ، واتە دامەزراندنی پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنەرانەی نوێ .

**سەرخان** _ بریتیە لە بۆچوونەکانی سیاسی ، حقووقی ، فەلسەفی ، ئەخلاقی ، هونەری و مەزهەبی کۆمەڵگا و بنیات و دامەزراوە و رێکخراوەکانی پەیوەندی دار لە گەڵ ئەواندا و شێوەکانی پەیوەندی دار لە گەڵ تێ گەیشتنی کۆمەڵایەتی . دەبێ بزانین کە زۆر پەیوەندی قووڵی دیالکتیکی سەرخان و ژێرخان پێکەوە گرێ دەدات . بناغە ئەساس و بنەڕەتی سەرخانە . هەر فورماسیونێکی کۆمەڵایەتی _ ئابووری خاوەن ژێرخانی تایبەت بە خۆیە . سەرخان لە سەر ئەساسی ئەم کۆمەڵە پەیوەندی بەرهەم هێنەرانە سەر چاوە گرتوو لە شێوە و چۆنیەتی خاوەن ملکایەتی دادەمەزرێ . سەرخانیش هەروا لە بەرانبەر کۆمەڵگا ڕۆڵی مەزنی هەیە و پاش ئەوەی کە لە سەر ئەساسی ژێرخانێکی دیاریکراو دامەزرا لە سەر بناغە یان ژێرخان کاریگەر دەبێ ، یارمەتی دەداتە گەشە کردن و سەقامگیر بوونی ئەو و بە کردەوەی خۆیدا گەشە و پەرەسەندنی کۆمەڵگا خێرا یان خاو دەکات . سەرخان لە رێگای بناغە یان ژێرخان کاریگەری خۆی بە سەر پەرە سەندنی هێزەکانی بەرهەم هێنەر دادەنێ .

**ڕۆڵی بەرچاو و دیاریکەری ژێرخان بە نیسبەت سەرخان** _ لە پەیوەندی دیالکتیکی نێوان بناغە و سەرخان ، بناغە گرێنگ و دیاریکەرە . ژێرخانی کۆمەڵگایێك کە لەوێدا چینەکانی دژ بە یەك بوونیان هەیە خاوەن تایبەتمەندی دژ بە یەکە . بناغە کە نیشاندەری پەیوەندی جۆر بە جۆری مرۆڤەکان لە گەڵ ئامرازەکانی بەرهەم هێنانە ( پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان و شێوەی خاوەن ملکایەتی ) ، نیشاندەری دژایەتی قازانج و بەرژەوەندی چینایەتی و نیشاندەری دژایەتی لە نێوان چەوسێنەران و چەوساوەکانە .سەرخانی ئاوا کۆمەڵگایێك لەو جێگایە کە ڕەنگدانەوەی دژایەتیەکانی ناو بناغەیە ، خۆدی خۆیشی خاوەن تایبەتمەندی دژ بە یەکە . سەرخان ، بیر و بۆچوون و دامەزراوە و رێکخراوەکانی چینەکان و گروپەکانی جۆر بە جۆر وە بەر دەگرێ . سرووشتیە کە ئەو بیر و بۆچوون و دامەزراوە چینایەتیە کە لە بواری ئابووری موسەیتەرە لە سەرخانیش بیر و بۆچوون و دامەزراوەکانی حاکیم پێك بێنێ . بە واتایێکیتر ئەو چینەی کە هێزی مادی موسەیتەر بە سەر کۆمەڵگا لە دەستی دایە لە هەمان حاڵدا هێزی مەعنەوی موسەیتەری کۆمەڵگایشە .ڕۆڵی دیاریکەری بناغە بە نیسبەت سەرخان تەنیا لەمە نیە کە سەرخان بە شێوەیێکی ئەساسی و حەتمی لە ژێرخان پێك دێت ، بەڵکو لەمەیشە هەیە گۆرانکاریەکان لە ناوەرۆکی سیستەمی ئابووری حەتمی دەبێتە هۆی گۆرانکاری لە سەرخان دا . وەك پەرە سەندنی ژێرخانی کۆمەڵگای سەرمایەداری و هەنگاو هەڵگرتنی بە قوناغی لە ناو چوون کە لە سەرخان دا بە شێوەی پێك هاتن و سەقامگیری شێوەکانی دواکەوتووانە و فاشیستی حکومەت ، رووخانی هونەری بورژوایی ، رەش ترین جۆرەکانی فەلسەفەی ئیدە ئالیستی و کەلتوری درۆ و هیتد . . . خۆی نیشان دەدات . ئەو کاتەی کە بە هۆی شۆرشێکی کۆمەڵایەتی ژێرخانێکی ئابووری بە جێگای ژێرخانی پێش لە خۆی دادەمەزرێ لە سەرخان گۆرانکاریەکانی قووڵ روو ئەدات ، دەسەڵاتی سیاسی چینی نۆی دادەمەزرێ ، بیر و بۆچوون و بنیاتەکانی نۆی ، دەوڵەتی نۆی و سیستەمی سیاسی و حقووقی نۆی پێك دێت ، سەرخانی کۆن دەرووخێ و سەرخانی نۆی دادەمەزرێ .

**سەربەخۆیی ڕێژەیی و ڕۆڵی چالاکی سەرخان** _ سەرخان کە پێکهاتوو لە ژێرخانە خاوەن سەربەخۆیی ڕێژەئیە . یەکێك لە نیشانەکانی ئەم سەربەخۆئیە ئەوەیە کە گۆرانکاری لە سەرخان هاوکات لە گەل دامەزراندنی بناغەیێکی نۆی بە مانای لە ناو چوونی خۆبەخۆیی هەموو پێکهاتەکانی سەرخانی کۆن نیە . بە لە ناو چوونی ژێرخانی کۆن ، بوونی سەرخانی کۆن وەك کۆمەڵێك ، وەك سیستەمی بۆچوونەکان و دامەزراوەکانی کۆمەڵگای کۆن دەگاتە کۆتایی خۆی . بەڵام فاکتوری جیاواز لەوێ دەمینێتەوە و وەك فاکتورەکانی سەرخانی کۆمەڵگای نۆی جێگای خۆی دەکاتەوە . ئاشکرایە کە سەرخانی نۆی تەنیا ئەو فاکتورانەی لە سەرخانی کۆن وەبەر دەگرێ کە دەتوانن لە خزمەتی چینەکانی نۆیی دەسەلاتدار بن ، ئەو فاکتورانەی کە لە گەڵ قازانجەکانی چینەکانی نۆیی حاکیم دا خۆیان

پاشماوە لە لاپەرەی ٧

ناونیشانی سایتی رێکخراو ، پۆستی ئلکترۆنیك
و کومیتەی کوردستان ، و ژمارە فاکسی
پەیوەندیە گشتیەکانی ریکخراو بریتین لە :

www.fedayi.org
webmaster@fedayi.org
Kurdistan@fedayi.org
FAX:+46317792571